وانەی 18

**میرنشینی مەڕوانی (372-478ك):**

**زۆربەی مێژوونو سەکان کۆکن لە سەر ئەوەی کە ئەو میرنشینەی کە (بازی کوڕی دۆستەك) دا یمەزرا ندووە لە (372ك) دواتر بە دەولەتی مەڕوانی نا سرا، ئەم ناو نا نەش دەگەڕێتەوە بۆ کوڕانی(مەروانی کوڕی کەك)ی حاربوختی کە لە دوای کوژرانی میر باز لە (380ك) دە سەلاتیان گرتەدەست، کە ئەمانە خوشکەزای میر باز بوون، بۆیە دەولەتەکە زیاتر لە سەرچاوەکان بە دەولەتی مەروانی ناسراوە.**

**هۆکارەکانی دامەزراندنی میرنشینەکە:**

**هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئەم میرنشینەش وەك میرنشینەکانی ترە کە جگە لە هەندێ خاڵی تر کە پەیوەندی بە میرنشینەکە هەیە:**

**1- لاوازی خەلافەتی عەبباسی و هەڵسوڕاندنی کاروباری دەولەت لە لایەن بوەیهیەکانەوە کە ئەمانەش شیعە مەزهەبێکی توندڕەو بوون.**

**2- ئەو ناوچانەی کە میرنشینەکەی لێ دەرکەوتووە ناوچەی ململانێ و بەرگری بوون لە نێوان موسڵمانەکان لە لایەك وە بیزەنتە و ئەرمەنەکان لە لایەکی تر کە ئەمەش گرنگیەکی زۆری بە ناوچەکە بەخشیوو وە زۆر لە موسڵمانەکان ڕوویان دەکردە ئەم ناوچەیە بۆ جیهادی ئیسلامی.**

**3- فراوانبوونی میرنشینی حەمدانیەکانی حەلەب بۆ ناوچەکانی هەرێمی جەزیرە تەنانەت تا دەگاتە موصڵ و تکریت، بەمەش کورد و عەرەبەکانی ئەم ناوچانە کەوتبوونە ژێر حوکمڕانی ئەوان و تەنانەت لەمە سەردەمەدا حەمدانیەکانی موصڵیش لەناوچووبون و کە ئەمەش خاڵێکی گرنگ بوو بۆ دەرکەوتنی میرنشینی مەڕوانی وە دەستداگرتن بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەوان.**

**4- ململانێی نێوان فاتیمی و عەبباسیەکان کە هەریەکەیان هەوڵی خۆ نزیك کردنەوەیان دەدا لە مەروانیەکان بەتایبەتی کە بوەیهی و فاتیمی هەردوولا شیعە مەزهەب بوون و بۆیە فاتیمیەکان هەوڵیاندەدا شوێنپێی خۆیان لە ناوچەکانی جەزیرە قایم بکەن، ئەوەبوو مەروانیەکانیش سوودیان لەم دەرفەتە وەرگرت بۆ فراوانکردنی دەسەلاتیان.**

**5- دووری هەرێمی جەزیرە(دیاربکر) لە سەنتەری خەلافەت وە لەگەڵ سەختی ناوچەکە و وە هەروەها سیاسەتی لامەرکەزی بوەیهیەکان و سەرباری دەرکەوتنی کەسایەتی بەهێزکە هەر لە سەرەتای ژیانیدا بەجیهادەوە خەریك بوو کە ئەویش میر بازی کوردی بوو.**

سەر چاوەکان ناوی هەندێ هۆزی کوردیان هێناوە کە لە ناو چەکانی هەکاری و دەوروبەری مو صڵ دەژیان و لەوانە حەمید یەکان کە چەندان قەڵاو دژیان هەبووە وەکو قەڵای ئاکرێ وە هەروەها هەکاریەکانیش کە لە باکوری مو صڵ(وڵاتی زۆزان) کاتێ لاوازی کەوتە ناو دەوڵەتی حەمدانیەکانی مو صڵ ئەم هۆزە کوردیانە سوودیان لە بارودۆخەکە وەرگرت و هێر شیان کردە سەر مو صڵ، دواتر دەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان بەهۆی قایمی قەڵاکانیان لە دژی هەر پەلامارێك کە بکرایە سەریان.

تەنانەت لە ساڵی(369ك) (ع چد الدولە)ی بوەیهی سوپایەکی ئامادەکرد بۆ هێر شکردنە سەر یاخیبوەکان و لە قەڵاکانی خۆیان گەمارۆی دان کە لە ئەنجامدا کوردەکان نا چاربوون داوای تە سلیم بوون بکەن لە بەرامبەر سەلامەتی خۆیان بەڵام بوەیهیەکان بەپێی ئاماژەی سەرچاوەکان پەیمانەکەیان شکاندوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن.

بۆیە ئەم بارودۆخە کە ها تە ئاراوە کە ڕێگەخۆ شکەر بوو بۆ دەرکەوتنی سەرداریەتیەکی کورد بە تایبەتی لە ئەنجامی ما مەڵەی خراپی بوەیهیەکان، ئەوەبوو کە (میر بازی کوڕی دۆ ستەك) بەدیارکەوت.

ڕۆڵی میر بازی کوڕی دۆستەك لە دامەزراندنی میرنشینەکە(372-380ك):

لە (372ك) میر بازی کوردی توانی میرن شینێکی کوردی دابمەزرێنێ لە ناو چەی جەزیرەی فوراتی، ناوی تەواوی ئەم میرە (أبوعبداللە حسین کوڕی دۆ ستەك)، بەڵام نازناوەکەی بازە، ئەم میرە سەرۆکی هۆزێکی کوردی بوو لە ناو چەکەدا و وەك مێژوونوس (الفارقی) لە (572ك) مردووە، لە کتێبەکەیدا (مێژووی میافارقین) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم میرە لە هۆزی(حاربوختی)یە.

بەڵام سەرچاوەکانی تر وەك(روزراوری)و (ابن الاپیر) ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هۆزی (حەمیدیەکانن). دەتوانین بڵێین کە ئەم میرە سەرۆکی حاربوختی بووە، چونکە فارقی خۆی دانیشتوی ئەم ناو چەیە بووە هاوسەردەمی ڕووداوەکانی کۆتایی میرنشینەکە بووە وە شارەزایی زۆریشی هەبووە سەبارەت بە هۆزە کوردیەکانی جەزیرەی فوراتی.

بەڵام لەبەر چی ابن الاپیر و روزراوری ئەم بۆ چوونەیان هەیە بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەك بۆ ئەم بابەتە بکەین ئەوە ناوی هۆزی حاربوختی لە سەر چاوە کۆنەکان لەناو هۆزە کوردیەکان نەهاتووە وەك لە کتێبەکەی (مسعودی و ا ستخری و مقد سی) بەڵام چەند سەدەیەك دوای ئەوان یاقوتی حەمەوی لە کتێبەکەی ناوی هۆزی حاربوختی هێناوە کە لە ناو چەی زۆزان واتە جەزیرە بوونە، بۆیە لەوانەیە هۆزەکان لە سەردەمی دواتر دابەش بووبن و لقیان لێ ببێتەوە وە بە ناوی ناو چەکەیان نا سرابێ، وەکو بوختی کە لە (بوهتان-بوختان-بۆتان) هاتووە.

سەر  چاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە میر باز بە ئازایەتی و   چالاکیەکانی نا  سرابوو وە بە هۆی سەرکردایەتی کردنی بۆ هۆزی حاربوختی هەوڵیدا گیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ و بۆیە دەستیکرد بە فراوانخوازیەکانی، وە کۆمەڵێ هێر  شی کردە  سەر دەوڵەتی بیزەنتی، کە ئەم ناو  چانە بە هۆزی (پغور) نا  سرابوو، میر باز  سەرکەوتوو بوو لە پەلامارەکانی وە  سامانێکی ئێجگار زۆریش کەوتە دە ست کە بووە مایەی دەوڵەمەندکردنی میرنشینەکە وە ئەوەبوو  سوپایەکی گەورەی دامەزراند و لە ئەنجامدا کۆمەڵێ ناوچەی تریشی کۆنترۆڵ کرد.

سەرەتا ئەم میرنشینە لە ناو  چەی جەزیرەی فوراتی دامەزرا لە گرنگترین ئەم  شارانەی کەوتە ژێر دەسەلاتی(میافارقین-دیاربکر-ماردین-وان) وە شاری میافارقینی کردە پایتەختی میرنشینەکەی وە هۆی هەڵبژاردنی ئەم شارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەکەوتە ناوەڕاستی هەرێمەکە.

ئەبو عەلی کوڕی حسن کوڕی مەڕوان:

- گواستنەوەی دەسەڵات لە دۆستەکیەکان بۆ مەڕوانی(380-387ك):

لە دوای کو  شتنی میر باز، ئەبو عەلی خو  شکەزای جێگای گرتەوەو لە دوای کوژرانی خاڵی گەڕایەوە(حصن کیف)و ئەوەبوو داوای لە خاڵۆژنەکەی کرد کە  شوی پێ بکاتەوەو قەڵاکەی تە سلیم بکات، بەم شێوەیە دەسەڵات لە دۆستەکی گواسترایەوە بۆ مەروانییەکان.

دواتر دەستیکرد بە ڕێکخستنی کاروباری میرنشینەکە و گەڕانەوەی شار و قەڵاکان بۆ ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکە کە لە ئەنجامی کوژرانی میر باز یاخی ببوون، هەروەها لەگەڵ خێزانەکەیدا گەڕانەوە میافارقین و کردیانە پایتەختی خۆیان و خەڵکی(ئامەد) پەیوەندییان پێوە کردن و پ شتیوانی خۆیان بۆ دەربڕین.

ئەم کارانەی ئەبو عەلی ڕۆڵی هەبوو لە چەسپاندنی دەسەڵاتیان لە ناوچەکانی جەزیرەی فوراتی، وە حەمدانیەکان هەوڵیاندا  سوود لەم دۆخە وەرگرن و ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆیە هێر شیان کردە  سەر مروانی بە سەرکردایەتی(میر أبوڤاهری حمدانی و عبدالله ی برای) ئەوەبوو  سوپاکە  شکاو گەڕانەوە موصڵ پاشان لە هێرشێکی تریش شکان و بە زەرەرێکی زۆر گەڕانەوە موصڵ.

میر ئەبو عەلی هەوڵیدا هەموو ناو  چەکان کۆنتڕۆڵ بکاتەوە لەوانە (مەلازگرد-خەلات-ناو  چەکانی باکوری دەریاچەی وان) دواتریش بەرەو ڕۆژئاوا و سنورەکانی تر کەوتنە ڕێگا.

أبو منصور(سعیدی کوڕی مەروان) کە ناسراوە بە (ممهد الدوله) لە (387-401ك):

لە دوای أبوعلی برای لە (387ك) دە  سەڵاتی وەرگرت ئەویش یەکەم میری مەروانیە کە لە لا یەن خەلیفەی عەببا  سیەوە نازناوی پێ بەخ  شراوە نازناوەکەش(ممهد الدوله) بوو  چونکە أبومن صور دڵسۆزی خۆی بۆ عەبباسی و بوەیهی نیشان دابوو دواتر میافارقینی کردە پایتەختی خۆی.

**له (387ك) ک چی میرێکی حەمدانیەکانی حەلەبی خوا ست و شێرۆی کردە پەردەداری خۆی وە دەیتوانی کاروبارەکان ڕێکبخاتەوە وە لە هەموو شوێنێکەوە نوێنەری هۆز و لایەنەکان هاتنە خزمەت و دڵ سۆزی خۆیان بۆ نی شاندا تەنها دانی شتوانی ئامەد نەبێ کە لە پێ شتردا میر ئەبو عەلییان کوشتبوو لە لایەن(شێخ عبدالبر) حوکم دەکران.**

**بۆیە ممهد الدولە ویستی ئەم ناوچەیەش بخاتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی و بەهۆی ئەو سەنگە مرۆیی و ئابوری و سیا سیەی کە ئامەد هەیبوو کە نەوەك لە داهاتوودا مەتر سی بخەنە سەر دە سەلاتە تازەکەی، بەلام حاکمی ئامەد ڕازی نەبوو شارەکە تە سلیم بکات و بۆ ئەوەی دە سەلاتی لە دە ست نە چێ و هەڵسا پەیوەندی کرد بە شێرۆ وە ڕازییانی کرد کە لە ژێر ناوی ممهد الدولە حوکم بکات و لەگەڵ ناوهێنانی لە وتاری هەینی و هەروەها دانی پارەش بە خەزێنەی میرذ شینی مەروانی، بەلام دەبینین دواتر بارودۆخی ئامەد بەرەو خراپی دەچێ.**

**لە ئەنجامی پلانێك دا کە یەکێك لە سەرکردەکانی شێخ عبدالبر دایڕ شتبوو کە هەم زاوا شی بوو وە دە سەلاتی تەواوی هەبوو لە ئامەد، هەڵ سا بە لەناوبردنی دە سەلاتی عبدالبر کە ئەویش ناوی(ابن دومنە) بوو.**

**ئیتر بۆ ئەوەی خەڵکەکە یاخی نەبن لێی وای ڕوونکردەوە کە عبدالبر وی ستویەتی ئامەد تە سلیم بە ممهد الدولە بکاتەوە بۆیە ئەویش لە ناویبردووە. بەم شێوەیە توانی دڵ سۆزی دانی شتوانی ئامەد و فەرمانڕەوایی ئامەد بەدە ست بهێنێ، هەروەها دواتریش بۆ ئەوەی دە سەلاتەکەی خۆی پتەو بکات و ملکەچی خۆی بۆ ممهد الدولە ڕاگەیاند وە کرا بە جێگری ممهد الدولە ئامەد.**

**ئەحمەد بن مروان (نصر الدولە)(401-453ك):**

**ذ صر الدولە بە گەورەترین و ناودارترین میری کوردی دادەنرێت لە سەردەمی عەببا سییەکان وە هەمیشە لە دوای سەرکردەی کورد(صلاح الدین)ی ئەیووبی ناوی دێت لە مێژووی کورددا.**

**ذصرالدولە توانیویەتی بۆ ماوەی نزیکەی (52) ساڵ فەرمانڕەویی بکات و هەروەها نازناوی(العادل-دادپەروەر)ی پێدراوە، وە لە لایەن دەوڵەتانی ئەو سەردەمە(عبا سی و فاگمی و بیزنگی)دان بە دەسەلاتی نراوە.**

**وە سەبارەت بە پەردەدارەکەی (شێرۆی کوڕی مەم) ئەوا دوای کوشتنی ممهدالدولە، دووبارە پیلانی داڕێژت بۆ ئەوەی (ذ صرالدولە)ش بکوژێ، هەروەها هەوڵیدا هێرش بکاتە سەر ناو چەکانی ژێردە سەلاتی ذ صرالدولە، بەلام میر ذ صرالدولە ئاگاداری جموجوڵی شێرۆ بوو بۆیە ئەویش ئامادەبا شی خۆی وەرگرت و شێرۆ شکاو ڕایکرد، تەنانەت شێرۆ چەند هەنگاوی تری هاوێ شت لەوانە:**

– پەیوەندی کردن بە بیزەنتەکان:   چونکە ئاگربە   ست لە نێوان مەروانی و بێزەنتی هەبوو، واتا پەیوەندی نێوانیان باش بوو.

– هەروەها شێرۆ داوای پەیوەندی لە حاکمی ئامەد(ابن دومنە) کرد، بەڵام لەم هەنگاوەی سەرکەوتوو نەبوو.

– ئەم جارە وي ستی خەڵکی میافارقین لە دژی ن صرالدولە هان بدات، بەڵام خەڵکەکە پەیوەندییان بە نصرالدولە کرد شێرۆیان گرت و پاشان نصرالدولە توانی کە بەسەر شێرۆ سەربکەوێت و کۆتایی بە یاخی بوونەکەی بهێنێ.

نصرالدولە شاری میافارقینی کردە پایتەختی خۆی و دەستی کرد بە ڕێکخستنەوەی میرنشینەکەی و (خواجە أبا قاسمی) کردە وەزیری خۆی وە هەموو ناو   چەکانی میرن   شینەکەی خ   ستەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی تەنها ئامەد نەبێ کە لەلایەن (ابن دومنە) بەڕێوەدەبرا.

هەر لەگەڵ وەرگرتنی دە سەڵاتی نوێنەری هەر سێ دەوڵەتەکانی ئەو  سەردەمە هاتنە لای و دیاری و تەشریفاتیان پێشکەشکرد. نوێنەری خەلیفەی عەبباسی و فاتمی و بوەیهی لە (403ك) هاتنە لای و بە ڕەسمی ناوچەی دیاربکریان پێدا.

هەروەها دەوڵەتی عەبباسی لە پێشتردا(نازناوی نصر الدولە و عمادها)یان پێبەخشی. فاتمییەکانیش گەي  شتنە لای و ئەوانیش نازناوی(ع   چدالدولە ومجدها)یان پێبەخ   شی. هەروەها نوێنەری بێزەنتەکانیش    چوونە خزمەتی لەگەڵ دیاریەکی زۆر، بەڵام ن   صرالدولە نازناوی عەببا   سیەکانی هەڵبژارد هەر بۆیە بە نصرالدولە ناسرا.

هۆکارەکانی کەوتنی میرنشینی مەڕوانی:

1– فراوانبوونی  سنووری میرن شینەکە کە  شارو هەرێمی زۆری لەخۆ گرتبوو بۆ نموونە(میافارقین، جزیرە، دیاربکر هتد) بەمەش ڕووبەڕووی ململانێی هەرێمەکانی نێوان عەببا  سیەکان و فاتمیەکان و بیزەنتە و بوەیهی و  سەلجوقی بۆوە وە هەروەها توو شی ململانێی ناوەخۆی هات لەگەڵ میرن شینە عەرەبیەکانی دەوروبەری وەك (حمدانی و عوقەیلی و نەمیلی)    سەرباری بوونی ئەرمەنەکان کە هەمیشە مایەی هەڕەشە بوون بۆ میرنشینەکە.

2– چاوتێبڕینی  سەلجوقیەکان بۆ خێر و بێری میرن شینەکە و  ستراتیژی ناو چەکەیان بەتایبەتی لە ئەنجامی ململانێی ناوەخۆیی و وە پشت بەستنیان بەهێزی دوژمن.

3– ڕۆڵی ابن جهیری وەزیر وە هاندانی مەلیك    شا بۆ لەناوبردنی مەڕوانیەکان بە حوکمی ئەوەی کە شارەزایی و زانیاری هەبوو لەسەر خێروبێری میرنشینەکە و خاڵە لاوازەکانیشی.

4- سیا سەتی نا صرالدولە و کەم ئەزموونی و شارەزایی لە هەڵوێ ست کردن بەرامبەر بە هێزەکانی دەوروپشت بەتایبەتی سەلجوقیەکان کە هەڵسوکەوتی ناشرینی بەرامبەریان ئەنجام دەدا.

5- سیا سەتی نا صرالدولە و هەڵ سانی بە دانانی وەزیرێکی مە سیحی لە شوێنی وەزیرێکی موسوڵمان کە ئەویش (أبوسالم گبیب) بوو بەمەش بارودۆخەکە تێکچوو وە ئەم سیا سەتە شی لەگەڵ مەرجەکانی دانانی وەزیر نەدەگونجا کە دەبێت پۆستی وەزیر بدرێت بە موسوڵمان.

6- ناڕەزایی خەڵك بۆ مەڕوانیەکان وە یاخی بوونیان لە دژی دانانی مە سیحیەکان لە پۆ ستە بەرزەکانی میرنشینەکە وەکو باج گر.

7- دەرکەوتنی سەلجوقیەکان وەکو زلهێزێك لە ناو چەکەدا وەرگرتنەبەری سیا سەتی مەرکەزیەت و گەڕاندنەوەی هەموو ناوچەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆیان و خەلافەتی عەبباسی.

8- هێر شی غوزەکان بۆ سەر میرن شینەکە بەتایبەتی لە (432ك) لە سەردەمی ن صرالدولە دا ڕۆڵی باڵای هەبوو لە لاوازکردنی میرن شینەکە لە ئەنجامی ئەو کاولکاری و وێرانکاری و کو شتنەی کە لە ناوچەکان ئەنجامیان دەدا.

9- سیستەمی پ شتاوپ شت کە لە میرن شینەکەدا پیادە دەکرا ئەمەش بووە مایەی ململانێ لە نێوان مەڕوانیەکان.